## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (بە کۆیلە بیبینی کورد)



لە ساڵی (١٩٧٨)ـەوە ئەندامی کارای یەکێتی نووسەرانی کورد بووم، لە هەڵبژاردنی لقی سلێمانیدا زیاترین دەنگم هێنا، بەڵام برادەرێك تکای لێکردم پۆستی سەرۆکی لقەکە بدەم بەو، خۆشم بۆ ماوەی چەند ساڵێك سکرتێری رۆشنبیری لقی سلێمانی بووم، هەتا ئەو ئالۆزییەی لە یەکێتیەکەدا رووی دا و جێگرەوەی بۆ دروستکرا، ئەم هەنگاوەی رژێمیش هەر بەردەوامی رەوتی سڕینەوە و قەڵاچۆکردنەکەی کورد بوو.

لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا یەکێتییەکەمان چالاکییەکی بەرچاوی لە بواره رۆشنبیرییەکەدا هەبوو، هەفتانە کۆڕی ئەدەبی و بە بەردەوامی گۆڤاری (نووسەری کورد) دەرئەچوو.

ئەو رژێمانەی لەو رۆژەوەی بە پینە و پەڕۆ ئەم عێراقەیان سرێش لەمیش کرد، واتە لە ساڵی (١٩١٦) کە پەیمانی (سایکس پیکۆ) مۆرکرا، بۆ دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و پاشان رووسیای قەیسەری کە بەشدار بوو لە واژووکردنیا. دیارە ئەو رێککەوتننامە رەشەی لەسەر دەستی (سێرمارك سایکس)ی ئینگلیزی و (جۆرج پیکۆ)ی فەرەنسی هاتە ئاراوە، ئەو دوو روو رەشە ریسوایە گەورەترین دژایەتی خواستی گەلی کوردیان کرد و نایانە ناو ئەو جەرتاوەی چڵکاوەی لای عەرەبەکان بۆتە ئەو عێراقەی خوا ئەو کەسە ئەگرێ دەستی بۆ بەرێ، یان ئەگەر کورد بیەوێ کۆت و بەندی ئەو کۆیلەتییە فرێ بدات و ئازادبێ. لە ئاکامی ئەو رەشە رێککەوتننامەیەوە، کوردستان دابەش کرایەوە و کرا بە چوار کەرتەوە، بەمەش رێگا لە پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتوو گیرا و بە مەبەست لە گشت روویەکەوە زیان بە گەلی کورد گەیەنرا. باشیش ئەزانن ئەو عێراقەی ئەوان تەنها و تەنها لە (بەسرە)وە هاتە (کوفە) بڕی ئەکرد.

لە سەرووی ئەمانەشەوە چاویان بە باڵای کورد و وشەی هەرە پیرۆزی کوردستاندا هەڵنایە، ئەمە ئەو پەڕی کوێرەوەری و کلۆڵیسیاتە، هەر بۆیە (هەلهەلە) بۆ ئەو دۆزەخەیان لێئەدەن کە پێی ئەڵێن بەهاری عەرەبی!

یەکێتی ئەدەبیان و نووسەرانی عێراقیان هێنایە ئاراوە، ناز و لافی پیاوەتییان بەسەرا لێ ئەداین. نووسەرانی کوردیش کەوتنە دوورەپەرێزی و لێکشکاندنەوە، پاش چەند ساڵێك بارێکی نوێ هاتە ئاراوە و داوای تەبابوون و ئاشتبوونەوە و دووبارە یەکانگیری کرا، کەسانێکی بەڕێز داوایان لێکردم بەشداری کۆنگرەی (هەولێر)ی نووسەران و ئەدەبیان بکەم. ژمارەی دەنگدەران (١٣٠) ئەدەبی کورد بوو، سەرۆکی یەکێتییەکەی عێراق (عەبدولئەمیر مەعەلە) بوو، کە ئەو دەمە بریکاری وەزیری رۆشنبیری

# (٤)

## ئەحمەد سالار

**مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت**

و راگەیاندن بوو، مینیش کە لە پاڵێوراوان بووم، هەر کە ناوم خوێندرایەوە هەمووان هەستانە سەر پێ و کردیانە چەپڵەڕێزان، (مەعلە) هاواری کرد: ئەوە بە (تەزکیە) و بە دەنگی هەمووان دەرچوو، پاشان دەستکرا بە هەڵبژاردنەکە لە ژمارەی ئەو (١٣٠) دەنگە (١٢٨) دەنگم هێنا، دوای من، دووەم دەنگی خوالێخۆش بوو (محەمەد بەدری) بوو کە (٩٠) دەنگی هێنا. لەو کۆنگرەیەدا دەستەی سەرۆکایەتی لقی کوردستان دەستنیشان کرا و پاشان لە بەغداد کە بارەگای سەرەکی لە گۆڕەپانی (ئەندەلوس) بوو، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای نووسەران و ئەدیبانی عێراق کرا. بۆ رۆژی دوایی پێشوازییان لە شاندی ئەدەبیانی (سۆڤیەت) کرد، بۆ ماوەیەك زۆر بە ئاسایی بەردەوام بوو، بەرەبەرە هەستم بە باڵادەستی دەزگاکانی دەسەڵات کرد، بۆیە دەستبەجێ دەستلەکارکێشانەوەی خۆم راگەیاند، پرسییان بۆچی؟ لە وەڵاما گوتم: ئەوە دەرنەچوو کە بانگەشەی بۆ ئەکرا، بۆیە مەرج بێ جارێکی دیکە نەك هەر سەر بە یەکێتیەکەدا ناکەم، بەڵکو هەتا من هەبم بەو گۆڕەپانی (ئەلئەندە لووس)ـەشدا گوزەر ناکەم. بە هەر حاڵ گەڕامەوە سلێمانی و سەرقاڵی کارە شانۆییەکەم بووم، بەڵام رۆژانە تووشم بە تووشی دەمارگیری ئەو رەگەزپەرستانەوە ئەبوو، ئەوە بوو لە لایەن بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیریی سلێمانییەوە ئاگادار کرامەوە کە دەبێ لە رۆژی ئەودا لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی، کە لە گەڕەکی (سەرکارێز) بوو، ئامادەبم، لە کاتی خۆی دا ئەو ژمارە ئەدیب و هونەرمەندانە کە پتر لە هەفتا کەس ئەبوون، ئامادە بووین، لەسەر شانۆکە پارێزگاری سلێمانی (محەمەد ئەمین) و جێگری ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و وەرزشی (عەبدولغەفار سائغ) و سەرۆکی یەکێتی نووسەران (ئەژی گۆران)و وابزانم بەڕێوبەری رۆشنبیری دانیشتبوون.

سەرەتا (عەبدولغەفار سائغ)ی کە نەدەزانرا کوردە، یان تورکە، یان عەرەبە، بەڵام ئەزانرا چ دڕندەیەکی ریسوای دەستی بەعسە. بە عەرەبی و بە زمانی هەڕەشە و گوڕەشە و چاو زەقکردنەوە، کەوتە قسە بێ سەر و بێ بەر و هەلەق و مەلەقەکانی. بەرەبەرە توندتر و تووڕەتر ئەبوو، پتر خۆی گیف ئەکردەوە، هەر ئەتگوت ئەو عەلەشیشەیە کە خرتەیە و منداڵی گەڕەك فیکەی بۆ لێئەدەن، ئەوسا کەوتە ئاماژە پێکردن بە هەڵسووڕانی هەردوودەستی، دیار بوو هەردوو قاچیشی لە هەمان جرت و فرتدا بوون، چونکە زرمەی مێزەکە لە سەرەوە و لە خوارەوە ئەهات، لە پڕا هەڵوێستەیەکی بۆ کرد و بە شێوازی پرسیار نوتقی دا: ئەمن لە ئێوە ئەپرسم، لە ئێوە ئەی ئەدیب و هونەرمەندانی کورد، هەتا هەنووکە چیتان بۆ شۆڕش کردووە و چ خزمەتێکتان دەرهەقی بیری پیرۆزی شۆڕشی بەعس کردووە؟!

هۆڵەکە کش و مات بێدەنگ بوو، ورتە لە کەسەوە نەهات.

هەرچەندە پاش ئەو کۆڕەی بەغدا، کە کەس پشتگیری لێنەکردم، جگە لە شەهید (شاکیر فەتاح)، بۆیە بڕیارم دابوو نەیەمە قسە، بەڵام ناچارمام هەستام و چوومە بەردەم شانۆکە و پشتم لە جەنابی جانەوەر و زۆر لەسەرخۆ و بە باشی دانم بە پیت بە پیتی قسەکا نا و پرسیارم لێکرد: باشە جەناب ئێمەش بۆمان هەیە بپرسین، ئایا شۆڕشەکەتان چی بۆ ئەدەب و هونەری کورد کردووە؟ ئەی نابێ حسابێ بۆ هەق بەرامبەر هەق بکرێ؟

جەنابی بەرپرس ئێشگیر بوو، خەریکبوو پرچ و گودلەی خۆی بڕنێتەوە، منیش زۆر لەسەرخۆ گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم و مێش میوانم نەبوو.

نەخێر دەنگی شیرەشیڕی لەسەر شەقامەکەش خەڵکی رائەوەستان، ئەی ناران: کێ ئەڵێ (جەیبی عەمیل) نەماوە، ئەوەتا لەبەر دەماندایە، ئەمەیە توخمی بارزانی.. ئەوەی ناشێ و ناگوترێ رشاندییەوە، بۆگەنی زێرابەکانی خوار جوولەکان لە زار و وشەکانیەوە ئەهات، کورد واتەنی (سەگ بۆنی پێوە ئەکرد).

وچانێکی بۆ دا و پەرداخی ئاوی هەڵقوڕاند و کەوتەوە قروسکە قروسك.. و وتی: ئەوەی بۆنی بارزانی لێوە بێت، سەری پان ئەکەمەوە.

سەیری دەرگای هۆڵەکەی ئەکرد، وەك چاو بۆ پاسەوانەکانی بگێڕێ، دیار بوو ئەیویست بۆ چاوترسێنی ئەوانەی ناو هۆڵەکە بە باڵبەسراوی کێشم بکەن، بەڵام دیار بوو پارێزگار ئەیویست هێدی بکاتەوە و بە هێواشی لە دەستی ئەدا. سوپاس بۆخوا پۆزلێدانە تاغوتییەکەی لێکرا قوزەلقورت و خواحافیزی بۆ دەرەوە تێیتەقاند. هەر بۆ رۆژی دوایی بەسەر گشت لایەنە پەیوەندارەکان بڕیاریدا، کە ناوم رەشبکرێتەوە و هیچ بەرهەم و کارێکم بۆ رایی نەکەن، ئەم بڕیارەی ساڵێکی نەبرد و خوا کردی لە شاری هەولێر لە شوێنێکی بەربادا بە کەتنەوە گیرا و بە دەیان پۆلیس حەسیرمەیدانی شەقشەقێنیان بەو جەنابە کردبوو، بە دەرپێ قوتەوە لە پشت موسەلەحەدا بۆ پۆلیسخانەیان بردبوو، هەرچەندە وتبووی (ئەمین عام)م پولێکی قەڵبی نەکردبوو. ئیدی لە حیزب و حکومەت ترۆ کرا و پاش دووساڵ لە سووریاوە پاڕانەوە نامیلکەیەکی ئاراستەی (سەدام) کردبوو، ئەویش بەخشیبووی، ئیتر ئەوە بزانم بە حەتاڵ و بەتاڵی رۆژانی بەسەر ئەبرد. ئێمەش بەدڵ پێکەنین (خوا لە خێری دەرنەکات).

**دیارە ئەو رێککەوتننامە رەشەی لەسەر دەستی (سێرمارک سایکس) ی ئینگلیزی و (جۆرج پیکۆ)ی فەرەنسی هاتە ئاراوە، ئەو دوو روو رەشە ریسوایە گەورەترین دژایەتی خواستی گەلی کوردیان کرد و نایانە ناو ئەو جەرتاوەی چڵکاوەی لای عەرەبەکان بۆتە ئەو عێراقەی خوا ئەو کەسە ئەگرێ دەستی بۆ بەرێ، یان ئەگەر کورد بیەوێ کۆت و بەندی ئەو کۆیلەتییە فرێ بدات و ئازادبێ. لە ئاکامی ئەو رەشە رێککەوتننامەیەوە، کوردستان دابەش کرایەوە و کرا بە چوار کەرتەوە، بەمەش رێگا لە پێکهێنانی کوردستانێکی یەکگرتوو گیرا و بە مەبەست لە گشت روویەکەوە زیان بە گەلی کورد گەیەنرا**

**نەخێر دەنگی شیرەشیڕی لەسەر شەقامەکەش خەڵکی رائەوەستان، ئەی ناران: کێ ئەڵێ (جەیبی عەمیل) نەماوە، ئەوەتا لەبەر دەماندایە، ئەمەیە توخمی بارزانی.. ئەوەی ناشێ و ناگوتری رشاندییەوە، بۆگەنی زێرابەکانی خوار جوولەکان لە زار و وشەکانیەوە ئەهات، کورد واتەنی (سەگ بۆنی پێوە ئەکرد)**





# ئیڤان گلینی لیلی:

## (lost) دەرگاکانی لەبەردەمم کردەوە

زنجیرەی (lost) کە لە چەندین وەرزدا پێشکەش کرا و یەکێک بوو لە زنجیرە پڕ جەماوەرییەکان بووە هۆی ناسینی ژمارەیەك ئەستێرە، کە هەندێکیان پێشتر لە چەندین زنجیرە و فیلمی سینەماییدا رۆڵیان بینیبوو و ژمارەیەکی دیکەشیان لە رێگای ئەم زنجیرەیەوە زیاتر ناسران لەلایەن جەماوەرەوە و دواتریش هەر بە هۆی ئەم زنجیرەیەوە چەندین رۆڵی دیکەیان پێشکەش کرا و ناوبانگیان دەرکرد و بوون بە پاڵەوانی چەندین فیلم.

ئیڤان گلینی لیلیی کە بە رەچەڵەك کەنەدییە و رۆڵی پاڵەوانی لە (lost)دا هەبوو یەکێکە لەو ئەستێرانەی کە پێشتر چەند رۆڵێکی بینیبوو و تا رادەیەك ناسراو بوو، بەڵام دواتر رۆڵی پاڵەوانی لە چەندین کاری دیکە پێ سپێردرا، لەم بارەیەوە دەڵێ: بۆ من هەموو ئەو رۆڵانەی پێم دەسپێردرێن هیچ جیاوازییەکیان نییە و هەوڵ دەدەم بە باشترین شێوە و وەك ئەوەی دەرهێنەر دەیەوێ بەرجەستەی بکەم، بەو مەبەستەی تێیدا سەرکەوتوو بم، (lost)یش بە هەمان شێوە بوو و توانیم خۆمی تێدا بسەلمێنم، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر سەرکەوتوو بوو و جەماوەرێکی زۆری هەبوو لە سەرتاسەری جیهان و وەرگێڕدرابووە سەر چەندین زمانی جیاجیا، بۆ من و هەموو ئەکتەرە بەشدارەکان تا رادەیەك جیاواز بوو، چونکە لە رووی جەماوەرییەوە زیاتر ناسراین و بەرهەمهێنەران و دەرهێنەرانیش بیریان لەوە دەکردەوە کە سوود لەو ناوبانگ و جەماوەرییەی ئێمە وەربگرن.

ئیڤان هەر لەم بارەیەوە دەڵێ: من یەکێك بووم لەوانەی کە ئەم زنجیرەیە رۆڵێکی زۆری هەبوو کە من زیاتر بناسرێم هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دەرگای زیاتر لەبەردەمم بکرێتەوە و چەندین رۆڵی دیکەم پێ بسپێردرێ، ئەمەش مایەی خۆشحاڵیمانە.

# جیمس بۆندی داهاتوو کێیە

دوای بینینی رۆڵی جیمس بۆند لە چەند بەشێکی زنجیرە فیلمە بەناوبانگەکەی، پێدەچێت دانییل کریجی ئەستێرەی سینەمایی بەریتانی چیدیکە ئەم رۆڵە نەبینێت، چونکە بەپێی چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی کریجی چەند جارێك لە دیمانە رۆژنامەوانییەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بەردەوام نابێت لەم زنجیرە فیلمە بەناوبانگەی کە پێشتریش چەند ئەستێرەیەکی دیکە رۆڵەکەیان بینیبوو.

کریج بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە Spectre دوایین فیلمە لە زنجیرەکانی جیمس بۆند کە بەشداری تێدا بکات، هەرچەندە ئەم بڕیارەشی بە سەخت دانا، بەڵام رایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە کەسانی دیکە شوێنی بگرنەوە وەك چۆن ئەو پێشتر شوێنی چەند ئەستێرەیەکی گرتبۆوە، بۆیە بەرهەمهێنەرانی لە ئێستاوە بەدوای جێگرەوەیەك دەگەڕێن بۆ درێژەپێدانی جیمس بۆند لە داهاتوودا و لە ئێستادا چەند ئەستێرەیەك پاڵێوراون بۆ جێگرتنەوەی لەوانە هیو جاکمان ئەستێرەی بەناوبانگی ئوسترالی کە پێشتر رایگەیاند بوو پاڵێوراو بوو بۆ بینینی رۆڵەکە و داواشی لێکرا بوو و ئێستا ئامادەیە بۆ بینینی رۆڵەکە.

مایکی فاسپندەری تەمەن ٣٨ ساڵ کە بە رەچەڵەك ئەڵمانییە و خاوەنی خەڵاتی ئۆسکارە، ئەویش یەکێکی دیکەیە لە پاڵێوراوەکان، چونکە پێشتر رۆڵی سیخوڕی بینیوە لە فیلمی Inglorious Basterds.

تۆم هاردی کە بە رەگەز بەریتانییە و بە رۆڵی (باین)ی دەمامکدار ناسراوە لە فیلمی باتمان، ئەگەری هەیە ئەویش لە داهاتوودا ببێتە جیمس بۆند، چونکە خاوەن کەسایەتییەکی ناڕوون و سەرنجڕاکێشە و زۆریش بە توانایە لە جوولەدا، تەنیا یەك کەموکوڕی هەیە، ئەویش کورتیی باڵاکەیتی.

جگە لە مانە هەر یەکە لە دامیان لویس کە قژی زەردە، رەنگە ببێتە یەکەم جیمس بۆندی قژ زەرد و ئیدریس ئەلبا کە ئەویش رەش پێستە ئەمانەش پاڵێوران بۆ ئەوەی ببن بە جیمس بۆندی داهاتوو.



# مایا هێرش دەکاتە سەر ئۆباما

دوای دوو هەفتە بەسەر هێرشە تیرۆریستییەکەی سەر باشووری لوبنان لەلایەن تیرۆریستانەوە کە بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی لوبنانی و بیانی، باراك ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وتەیەکیدا ئیدانەی ئەو کردە تیرۆریستییەی کرد و پشتگیری و پشتیوانی خۆی بۆ گەلی لوبنان دووپات کردەوە، بەڵام ئەم هەڵوێستەی ئۆباما بووە مایە تووڕەکردنی بەشێك لە هونەرمەندانی لوبنان و تووڕەیی و بێزاریی خۆیان بۆ ئەم هەڵوێستە درەنگە دەربڕی.

مایا دیاب یەکێك بوو لەوانەی لە رێگای تویتەرەوە بە زمانی عەرەبی زۆر بە توندی وەڵامی ئۆبامای دایەوە و وتی: بە راستی بۆ کەسێك قسە دەکات، ئۆبامای بە بیری هاتەوە و ئیدانەی کرد و سەرەخۆشی دەربڕی بە بۆنەی تەقینەوەکانی بەیروت، هێشتا زوو نەبوو، بڕۆ پرسە بە یەکە بە یەکیان بکە، ١٠٠ جاری تر تەقینەوە ئەنجام نادەی ناشیرین، مایا هەر بەوە نەوەستا، بەڵکو بەرپرسیاریەتی تەقینەوەکانی خستە ئەستۆی ئۆباما و پێشبینی تەقینەوەی دیکەشی کرد.

مایا بەم کارەی سەلماندی کە ئەو نەك تەنیا لە وروژاندن، بەڵکو لە بواری سیاسیشدا کەسێکە بە جورئەتە و وەك خۆی دەڵێت سڵ لە هیچ شتێك ناکاتەوە و گوێ بە کاردانەوەکان نادات، بۆیە بە ئاشکرا ئۆبامای بە ئەنجامدانی ئەم تاوانە تاوانبار کرد و زۆریش دڵنیایە لەو قسانەی و ئامادەیە لە هەر شوێنێك پێویست بێت راستەوخۆ ئەم تۆمەتە رووبەرووی ئۆباما و هەر کەسێکی دیکەش دەکات ئەگەر بزانێت تاوانبارە.



# ئەڤین بەیاز:



لە بارەی کەلتوور و هونەری کوردییەوە ئەڤین بەیاز دەڵێت: ئێمە خاوەن کەلتوورێکی دەوڵەمەندین دوژمنان هەمیشە هەوڵیانداوە لەو کەلتوورەش بێبەشمان بکەن، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو بەرهەمە کوردیانە بگەڕێنینەوە کە پێشتر ئێمە خاوەنیان بووین و ئێستا کەسانی دیکە سوودی لێ دەبینن، ئێمە بە خوێندن و فێر بوونی زمان و مێژوو و ئەدەبی خۆمان و بە بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی لەنێو رۆڵە و نەوەکانی داهاتوومان‌دا دەتوانین بۆیان روون بکەینەوە کە بەشێکی زۆر لە کلتوور وهونەری ئێمە دزراوە، ئەمەش پێویستی بە هاوکاری و یەکگرتنی کورد هەیە.

فرە زاراوەیی زۆر جار رەنگە گرفت بۆ گۆرانیبێژانی کورد درووست بکات، بۆیە هونەرمەندانی کوردستان هەوڵ دەدەن بە بە هەموو شێوەزارەکان گۆرانی بڵێن بەگوێرەی توانای خۆیان، لەم بارەیەوە ئەڤین دەڵێ:

بە داخەوە من تا ئێستا من تەنیا بە کرمانجی گۆرانیم وتووە، بەڵام لە بەرنامەمدایە لە ئایندەدا بە سۆرانی و

زازاکیش گۆرانی بڵێم، هەر کاتێك دەرفەتێکی گونجاو هەبێت لە رووی بوونی تێکست و ئاوازێکی خۆش کە بتوانم جەماوەری پێ رازی بکەم و بتوانم بە جوانی بیڵێم و سەرکەوتوو بم، نەك تەنیا وتن و دەرکەوتن بێت، زۆر لە هونەرمەندان ئەم کارەیان کردووە، هەندێکیان زۆر تێیدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام هەندێکی دیکەیان وەکو پێویست نەبوون.

سەبارەت بە بوونی ئافرەتی کورد لە بواری هونەریدا کە تا چەند سەرکەوتوو بوون، رایوایە: بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر ئافرەتانی کورد لەگەڵ پیاوەکان بەراورد بکەی بە لەبەرچاو گرتنی هەموو لایەك، ئەوا بەڕای خۆم ئافرەتە هونەرمەندەکان سەرکەوتووترن، چونکە دەرفەت بۆ پیاو زیاتر و ئاستەنگەکانیش کەمترن بەپێچەوانەی ئافرەتان. هەر لەم بارەیەوە زیاتر دەڵێ: زۆر کەس پێیان وایە ئافرەت پشت بە جوانی دەبەستێت بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام من پێموایە جوانی گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، رەنگە رادەیەك تا ڕۆڵی هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ هەر هونەرمەندێك جا ئافرەت بێت یان پیاو بوونی بناغەیەکی هونەری پتەوە واتە دەنگ و ئەدا و چۆنیەتی پێشکەش کردنی گۆرانییە بەو شێوەیەی کە مافی تێکست و ئاوازەکە بدات.

ئەڤین نایشارێتەوە کە هونەری کوردی کەموکوڕی تێدا بە دی دەکرێت ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێنێتەوە و لەم بوارەوە دەڵێت: راستە کەموکوڕیەکان زۆرن، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو کەموکوڕی و ئاستەنگانەی کە دێنە سەر رێگا کار و بەرهەمی سەرکەوتووش پێشکەش دەکرێت، ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی هونەرمەندان زیاتر دەبێت لە هەمان کاتدا شێوازی موزیکی نوێتر دێتە بوون، ئەم کارە بە ردەوام و تێکەڵاوی و رەنگاوڕەنگییەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکارێك بۆ پێشخستنی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی بۆ پلەیەکی بەرزتر لەوەی کە ئێستا هەیە.

لە بارەی بەرهەمە فۆلکلۆر ورەسەنەکان ئەوانەی گۆرانیبێژە نەمرەکان بەشێوازی جیاجیا نوێ دەکرێنەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەڤین دەڵێت: من خۆیشم زۆر گرنگی بەو لایەنە دەدەم، چونکە لەنێو گۆرانییەکانی مندا گۆران هونەرمەندانی دیکە نییە و هەمووی گۆرانی تایبەتی خۆمە، هەموو تێکست ئاوازەکانی نوێن، لە ئەلبوومی یەکەمدا تێکستی چوار لە گۆرانییەکان هی خۆم بوو.

سەبارەت بە پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی و ئایا تا چەند توانراوە بپارێزرێ و گرنگی پێ بدرێ بەتایبەتی لەلایەن هونەرمەندانی کوردەوە دەڵێ: ئەگەر بە ڕاشکاوی قسە بکەم (بێگومان ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە) رەسەنایەتی گۆرانی و موزیکی کوردی وەك پێویست ناپارێزرێ، بۆ ئەم مەبەستەش واتە پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی پێموایە پێویستی بە خوێندن و زانینی ئەدەبیات و موزیکی هەیە، ئەوەی من تێبینیم کردبێت ئەم کارە تا ئێستا لەلایەن هونەرمەندی کورد نیزامەدین ئارەج ئەنجامدراوە کە هەوڵیداوە بە هەموو شێوەیەك رەسەنایەتی هونەری کوردی بپارێزی.

ئەڤین پێیوایە بە هۆی ئەوەی دوژمنان هەوڵیانداوە هەمیشە زمان و کەلتووری کوردی لە ناوبەرن، بۆیە پێویستە هونەرمەندان بە گشتی دژی پیلانەکانی دوژمنان بوەستنەوە و لەم بارەیەوە بوونی پێوەندی بەهێز لە نێوان هونەرمەندان بە کارێکی پێویست دەزانێت و دەڵێت: من پێوەندیم لەگەڵ هونەرمەندان باش و ئاساییە بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندانی باکووری کوردستان.

ئەڤین پێیوایە هونەرمەندانی کورد کلیپی جوانیان بەرهەمهێناوە و لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: دەکرێ کاری جوانتر و باشتر پێشکەش بکرێ، چونکە ئێمە خاوەن توانای زیاترین لە هەموو بوارەکانی تایبەت بە کلیپ و گۆرانی.

سەرەڕای ئەم هەموو کەموکوڕی و ئاستەنگانەی کە دێنە سەر رێگا کار و بەرهەمی سەرکەوتووش پێشکەش دەکرێت، ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی هونەرمەندان زیاتر دەبێت لە هەمان کاتدا شێوازی موزیکی نوێتر دێتە بوون

ئەوەی من تێبینیم کردبێت ئەم کارە تا ئێستا لەلایەن هونەرمەندی کورد نیزامەدین ئارەج ئەنجامدراوە کە هەوڵیداوە بە هەموو شێوەیەک رەسەنایەتی هونەری کوردی بپارێزی